کوردستان نێت
KURDISTAN NET
رۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی رۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
بەکاتی ناوەندی ئەوروپا 22:32 21-8-2007

## رۆژنامە وکۆنترۆڵی دەسەڵات ... نەجات روستی

najatrosty@yahoo. com

ئەوەی ئاگاداری بین ئازادیی رۆژنامەگەری کوردی یە لە کوردستانی باشوور، دیارە بەپێچەوانەی بەشەکانی دیکەی کوردستان کە هەروەها لە ژێر گوشار وقەیرانی رژێمە



دیکتاتۆرەکاندا دژایەتی دەکرێن و، ئەوەی ئازاد نەبێت لەو بەشانەدا رۆژنامەگەریی و رۆژنامەنووسانن، بەڵام سەرەڕای ئەو ئازادی وسەربەستییەی کە خودی رۆژنامەگەری هەیەتی هێشتا لەژێر کۆنترۆڵی لایەنە دەسەڵاتدارەکاندایە ورۆژنامە وبڵاوکراوەکان زۆر جار دەکەونە بەرگورزی چاوەدێری وپشکنین وکۆنترۆڵی دەسەڵاتەوە، جا چ بەهۆی ئاشکراکردن ودەرخستنی چەوتیەکانی دەسەڵاتەوە بێت یا خستنەڕووی راستییەکان ودەربڕینی بیرورا وقسەی خەڵك.

ئەمەش خۆی لەگەڵ خۆیو پرسیارێکی دیکە کێش دەکات، ئایا رۆژنامەگەریی تا چ رادەیەك سەربەستە لەتێکەڵبوون بەخەڵك وگەیاندنی راستییەکانیان بە دەزگا بەرپرسەکان؟ وەڵامی ئەم پرسیارەش بەدەرەجەی یەکەم لای خودی لایەنە بەرپرسەکانی دەسەلات، دواتر وابە نووکی خامەی رۆژنامەنووسان وئەدیب وکەسانی رۆشنبیر وبوێرەوە دەدرێتەوە دیوێکی دیکەی رۆژنامەگەریی کوردی لە باشووری کوردستان گرینگی دانە بەباس وخواس ومەسەلەی ژنانەوە کە ئەمە لایەنێکی دیکەیە وپێویستی بە ئاماژەپێکردنە. هەموو دەزانین کە ژنی کورد تا چ رادەیەك گیرۆدەی قەیران وزوڵم زۆریی کۆمەڵگایە ولە ئازادییەکانی بێبەشە، چۆن قەتڵ وعام دەکرێت ودەستدرێژی دەکرێتە سەرمافەکانی؟ ئەوەی شایانی گوتنە لە رۆژنامەگەریی کوردیدا بایەخی ئەوتۆ نەدراوە بەمەسەلەی ژنان وەك تاکێکی چالاك وکاریگەر لە کۆمەڵدا، بە واتایەکی تر، ئاوردانەوەی رۆژنامەگەریی لەممەسەلە ژنان وەك دڵۆپێکە لە دەریا وبەگشتی وەك پێویست بایەخی پیچ نەدراوە وداکۆکی تەواوی لێناکرێت.

بەڵام ئەوەی مایەی خۆشبەختی یە، خودی ژنان خۆیان هەنگاوێکی گرینگیان ناوە لەبواری رۆژنامەگەرییدا وبەدەر لەو کێشانەی کە رووبەڕوویان دەبێتەوە کەتوونەکار بۆ رووخاندنی ئەو دیوارەی لەنێوان ژن وپیاودا هەڵچنراوە، لەم ساڵانەی دواییدا ژمارەیەك لەخانمان کەم وزۆر چالاکانە لەبواری رۆژنامەگەرییدا کاردەکەن، وەك چالاکییەکی بەرچاو لەم بوارەدا ژمارەیەك بڵاوکراوە وگۆڤار کەوتوونە بازارەوە کە خانمان بەرێوەی دەبەن وتیایاندا بابەت وویست وداواکارییەکانیان دەخەنەروو، لەم بوارەدا بۆ نمونو دەتوانری بەچەند بڵاوکراوەی چاپکراو وئەلیکترۆنی وەك (پێکە)، (رێوان)، (ئاوێزە) وهیتر... ئاماژە بکری، مەیەلەیەکی گرینگی دیکە ژمارە وجۆری و ئەورۆژنامە وگۆڤارانەن کە رۆژانە دەخرێنە بازارەوە و وەك شکل وتیراژ شێوەیەکی جوان ومۆدێرنیان لەخۆ گرتووە، بەڵام ئایا لە ناوەرۆکدا تا چ رادەیەك سەربەستن؟ پێوەندی بەزۆر هۆکاری سیاسی وکۆمەڵایەتی وفەرهەنگییەوە هەیە.

وەك لەپێشدا ئاماژەم بە ژمارە وجۆری بڵاوکراوەکاندا و، ئەوەیکە رەوتی پێشکەوتنی رۆژنامەگەری کوردی کاریگەرییان لەسەر هۆشیارکردنەوەی خەڵك وورژاندنی مەیەلەی ئاڵۆز وکێشە بەرچاوەکانی تایبەت بە کۆمەڵ وخەڵکەوە هەبووە وهەیە، بەڵام هێشتا پێم وابێت ئاستی سەربەستی وئازادیی لە رۆژنامەگەریی کوریدا ماویەتی بگاتە چڵەوپۆپ ولەچاو ئەو وڵاتانەی کە رادەی ئازادی رۆژنامەگەریی تیایاندا لە ترۆپکدایە شیاوی بەراوردکردن نییە، بەتایبەت لە وڵاتانی پێشرەفتە وخاوەن دیمۆکراسی

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کۆمەڵ بەدەوڵەت وبەپێچەوانەشەوە بۆ لە قاودانی کار و کردەوەی ناقانوونیی بەرێوەبەرانی سیاسی ودزیی وگوندەڵیی ئیداری ودەوڵەتی، وەك بڵند گۆی راستیی وزمانی هەقبێژانەی خەڵك وکۆمەڵگا بە حیساب دێت! لە کۆتاییدا، هیوادارم رۆژنامەگەریی کوردیش کە ماوەی زیاتر لەسەد ساڵە چ بەشێوەی نهێنی وچ بە شێوەی سەربەست لە دەرەوە وناوەوەی کوردستان لە چالاکیدا بووە، هەنگاووبنێتە ناو مەیدانی ئازادەوە ووەك سەکۆیەکی پتەوەی کۆمەڵگەی مەدەنی رۆژ لە دوای رۆژ بەرزتر وبڵندتر وخۆراگرتر بێت.

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.